# لێکدانەوەی ئەزموونی شار لە روانگەی والتر بنیامینەوە

ن: مەسعود یەزدی

و: مستەفا زاهیدی

لە روانگەی والتر بنیامینـەوە ئـەزموونی شـارو سـەرمایەداری تـەعبیر لـە یـەك شت دەکـەن. پـچڕان، لـێکترازان و شـۆك. لـە جیهـانی سـەرمایەداری دا لـەت لـەت بـوون و شۆك بنیات دەنێن.

شۆك هەمان لەت لەت بوونـە کـە بیچم بە فەردیەت دەدا. بـە واتایـەکی تـر جیهـانی تـاك لـە کۆمـەڵێکی یەکدەسـت درووسـت نەبووە، بەڵکوو لەچەند لـەتو پـەتی جیـاواز پێـك هـاتووە. هـەر ئـەم لەتانـەی کـە وەك کۆمەڵێ جیهانی تاك درووسـت دەکـەن. تـاك لەم دونیا فرەچەشنەدا هەست بە نامۆیی و لەت لـەت بـوون دەکـات. لەرابردوویـەکی نـە زۆر دووردا تاك خاوەنی یەك چەشنە کۆمـەڵ بوو و لەم کۆمەڵەدا ئەمنیـەتی هـەبوو، بـەڵام بە گەشەی شار تاك چیتر یەك کۆمەڵ نییـەو جیهانی دەوروبـەری زۆرتـر لـەت لەتـە. لـەم جیهانـە لـەت لەتـەدا ئـەو لەگـەڵ کۆمـەڵێ شـۆکدا رووبـەرووەو هـەوڵی ئەوەیـە کـە جیهانی شۆك کۆنتڕۆڵ بکاتو بـە شـێوەیەك بیهێنێتە ئێختیـاری خۆیـەوە. لێـرەدا دەبـێ دەوری شـاریش لـە بەرچـاو بگیریـەت. شـار دیاردەیەکـە کـە لـەودا تـاك خـاوەنی " ئەزموونی" خـۆی نییـە. ئـەزموونی جیهـانی شار، تاك لەلایەنی جۆراوجۆرەوە رادەگرێ. ئـەوەی لێـرەدا واقعییـەتی هەیـە بـوونی جیهانگەلێکی جیاوازو هەندێ جار ناکۆکە.

بـە گـشتی جیهـانی سـەرمایەداری جیهانێکی خەیاڵ ئامێزەو لەم جیهانە خەیاڵ ئامێزەدایـە کـە دەسـەڵاتی روانگـەکانی تـاك زاڵـە، لـەم روانگەشـەوە شـار بـە گـشتی دیاردەیـەکی خەیاڵییـەو لـەم جیهانـە خەیاڵییەدایـە کـە تـاك دەکەوێتـە بـەر هـەر چەشنە شۆکێكو ئەمە تاکە کە دەبێ ئەوانـە لەخۆیـدا بتوێنێتـەوە، بـەڵام شـۆك تایبەتمەندییـەکی تریـشی هەیـەو ئـەویش لایـەنی خـەیاڵ ئـامێز بوونییـەتی. تـاك بـەردەوام لەبـەردەم تـەوژمی جیهـانی خەیاڵاتدایـە. هـەر بۆیـە شـۆكو خـەیاڵ هەرتکیان دیاردەیەك بەرهـەم دێننو شـۆك لەراسـتییدا حاڵـەتی چـەن بارەبوونـەوەی خەیاڵاتە.

لـەجیهانی شـاردا (شـاری پـاریس بـۆ وێنە) چینو گرووپگەلێکی تایبـەت ئامـادەن کـە کاریـان بـە خـۆ گرتنـی شـۆکە. بـەخۆ گرتنی شۆك بەشێکی گەورە لە ئـەزموونی مـۆدێرنی شـار پێـك دێنـێ. شـار بـە گـشتی دیاردەیەکە کە دەبێ بە هۆی بەرهەم هـاتنی شۆكو تاك لەوێدا هەست بە پـچڕان دەکـات. بـە واتایـەکی تـر شـاری سـەرمایەداریو بەرهەمهێنانو بەخۆگرتنی شۆك یەك کۆمـەڵ پێك دێنن. لێـرەدا تـاك لایـەنی سـۆبژەکتیڤە بـوونی خـۆی لـە دەسـت دەداو لـەت لـەت دەبێ. لەم رووەوە سۆبژەکتیڤەیەکی تـەنیاو یەکدەسـت لـە دونیـای تـاکی شـاردا بـوونی نییەو تاك بەردەوام لە بەردەم گۆڕاندایە. لـە جیهـانی بۆرژوازیـدا شـتەکان پێناسـەی جیهـانی شـۆكو نیـشاندەری تـاکن لـەم جیهانەدا.

والتر بنیامین فەیلەسووفو رەخنـەگری کۆمەڵایـەتیو هونـەری سـەر بـە مەکتـەبی فرانکفۆرت لەو دەگمەن بیرمەندانەیە کە بە شـێوەیەکی قـوڵ بـە نـاو سرووشـتی کۆمەڵگەی مۆدێرنو دیاردەکانی تایبـەت بـە ئـەو رۆچـووە. هـەر بۆیـە، بەرهەمـەکانی هـەڵگری لێکۆڵینـەوەو بیرکردنەوەیـە دەربارەی فـەزای شار، بەرهەمـە هونەرییـە مۆدێرنـەکان، دیاردەکـانی شـار، پـەراوێز نـشینەکانی شـار وەك سـواڵکەرەکان، بەرەڵاکان، لۆمپنەکانو هتد.

هەرچـەند بێنیـامین بیرمەنـدێکی مارکسیستە، بـەڵام ئـەو لـەم بوارەدا تـەنها پـشت بـە لێکدانـەوە رواڵەتیانـەکانی ماتریالیـسمی مێـژوویی مـارکس نابەسـتێ، بەڵکوو ئاوێتـەی دەکا لەگـەڵ بۆچوونەکانی کانتو هێگڵو فرۆید. ئەم بابەتـە روانینێکـی کورتە بـۆ بۆچـوونەکانی بنیـامین دەربـارەی شـاری مـۆدێرنو پێوەنـدی لـە گـەڵ مرۆڤـی هاوچەرخداو کێشە ئەمڕۆیینییەکانی.

تایبەتمەنـدی سـەرەکی شـت هـەمان پاڵاوتەکردنە کە تـاك بەرهـەم دەهێنێتـەوە. هـەر لـەم بەرهـەم هێنانـەوەی (جیهـانی تایبـەتی)دا، جـۆرێ خـۆ خـاڵی کردنـی دەروونـی دەبینـرێ. ئـەم خـۆ خـاڵی کردنـە دەروونیـە مانـا بەشـتەکان دەداو لەهـەرێمی تایبەتیـدا بـۆ مرۆڤـەکان بەرهـەمی دەهێنێتـەوە. شـت ئـەرکی بەرهـەم هێنانـەوەی بـە ئەسـتۆیەو ئـەم بەرهـەم هێنانەوەیە کە دەبێ بەهۆی گەشـەی شـتو مرۆڤ دەخاتە پێوەندییەکی تازە لـە گەڵیـدا. بە واتایەکی تر جیهانی تایبـەت، جیهـانی بـە خۆگرتنی شۆکە. ئەم جیهانـە تایبەتەیـە کـە شـۆك بەرهـەم دێنـێو لـە لایـەکی تـرەوە بـەخۆی دەگـرێ. کۆمەڵگـەی بـۆرژوازی هـەڵگری وەهـا تایبەتمەندییەکـە کـە لـە جیهانی تایبەت دیاردەی بـەخۆگرتنی شـۆك بەرهـەم دێنـێو دەبـێ بـەهۆی هاوسـەنگ مانەوەی کۆمەڵگە. هاوسەنگی تایبەتمەنـدی سەرەکی جیهانی تایبەتـە. هاوسـەنگییە کـە چوارچێوەی هەرێمی تایبەتی دیاری دەکـا. سێحرئامێز بوونی شتەکان لایـەنی سـەرەکی هـەرێمی تایبەتییـە، بـەڵام هێـدی هێـدی جیهانی هەرێمی گشتی تووشـی سـێحرئامێز دەبوون. جیهانی پاساژ لە پاریسی سـەدەی 19 خـاوەنی هـەمان تایبەتمەنـدی دونیـای تایبەتی بۆرژوازییە. لە جیهانی پاساژدایە کە جیهـــان هـــەرێمی تایبـــەتی خـــۆی بەربڵاودەکاتـــەوەو جیهـــان لێـــرەدا وەك سـالۆنێ دەچـێ کـە تـاك تێیـدا هەسـت بـە ئەمنیەت دەکا. بوونی ئەم سالۆنانە جیهـانی هـەرێمی تایبـەتیش بەربڵاودەکـەنەوە. ئـەم سـالۆنانە ناسـێنەری جیهـانی "ئەفـسوون کراو" بە شتەکانە.

ئـەم ئەفـسوونگەرییە جیهـانی پاسـاژ پێك دێنێو کـەشو هەوایـەکی تایبـەتی پـێ دەبەخـشێ. جیهـانی بـۆرژوازی سـەدەی نۆزدەیـەم بـە گـشتی لەسـەر بنـەمای ئەفسوونگەری بنیات نرابوو. دەتوانین بڵێین بـۆرژوازیش لەسـەر بنـەمای ئەفـسوونگەری بیچمی گرتووە. لێرەدا ئەم خاڵە بنەڕەتییە دێتە پێشەوە کە لـە روانگـەی بنیامیینـەوە شار وەك دەق وایـە. لـەم دەقـەدا سـەرەتاو کۆتاییـەك نابینـدرێ. تـاك دەتـوانێ لەهـەر شوێنێ لەدەقەکەدا ئامادەبێ. تاك دەتـوانێ لـە نـاو دەقەکـەدا ون بـێ، وەك ئـەوەی لەشـاریش ئەگـەری ون بـوون هەیـە. شـار جیهـانی خەیاڵاتـە کـە وایـە لـەم جیهـانی خەیاڵاتەدا تاك دەکەوێتە ناو دەقـەوە. دەق چـەن لایەنەیـە، وەك ئـەوەی شـار چـەن لایەنەو فـرە جـۆرە. لـە راسـتیدا ئـەم چـەن لایەنـە بوونـەی جیهانـە کـە وا دەکـات شار وەك دەقـێ ببیـنین. جیهـان دەقێکـی یـەك چەشن نییە، وەك ئـەوەی جیهـانی شـاریش وایە. ئەوەی کـە دەقێکـی یەکدەسـت نییـە خـۆی نیـشاندەری ئـەم واقعیەتەیـە کـە جیهانی ئۆبژەکتیڤ چوارچێوەی تایبـەتی خۆی هەیە. ئەوانەی لە جیهانی شاردا (کـار) دەکـەن (وەکـوو، سـواڵکەر، بـەرەڵا، ...) هـەڵگری زەینییـەتێکن کـە زۆرتـر لەگـەڵ عەینییەتـدا دێتـەوە، بـەڵام خـاڵی سـەرنج لێرەدایـە کـە سـواڵکەرەکان خـاوەنی زەینییەتێکن کە زۆرتـر وەك دەقدەچـێ. لـە راستیدا ئەوان لە جیهـانی (دەق) دا دەژینو ئەم دەقە لایەنێکی سۆبژەکتیڤی تایبـەتیان پـێ دەبەخـشێ، بـەڵام بـەرە بـەرە سـواڵکەرەکان دەکەونـە ژێـر کاریگـەری لایەنی ئۆبژەکتیڤەوەو زۆرتـر وەك (کرێکـار) خەریکی ئیش دەبن. ئەمە بەو مانایە کە لـە جیهانی ئابووریـدا مامەڵـەی جیهـانی زەینـی بـۆرژوازی دەگـۆڕدرێ بـۆ جیهـانی عـەینی. جیهـانی دەق، جیهـانێکی فـرە جـۆرە. جیهانێکە بـەردەوام لـەنێوان زەیـنو بابەتـدا هـاتوو چـۆیەتی. هـەر ئـەم جۆراوجۆریـەی جیهـانی دەقـەش وا دەکـات نـەتوانین لـە روانگەی گشتییەوە سەیری بکـەین، چـونکە روانگەی گشتی ئەم جۆراوجـۆر بوونـە لـەبیر دەکات. هـەر بـەم پێیـەش ئامـادەیی دەقو هاوکـات جۆراوجـۆر بـوونی دەق رەهەنـدە خولقانەکانی جیهانی دەقن.

بنیـامین لـە دیـاردە ناسـی شـاردا روو دەکاتە حەشیمەتو ئەو لایەنـە دەداتـە بـەر لێکۆڵینـەوە. حەشـیمەت لەراسـتیدا دیاردەیەکە کە تاك پاژێکە لەو گشتە، بـەبێ ئـەوەی پێکهێنـەری ئـەو بـەناو گـشتە بـێ. حەشـیمەت لەگـەڵ ئـەوەی گـشتێکە لـە دەرەوەی گشتییـشە. کاتـاگۆر کردنـی حەشیمەت کارێکی تا رادەیـەك ناموکینـە. لێرەدا لایەنی ئانارشیکی حەشیمەت خـۆی دەخاتـە روو. کرێکـارانی جیهـانی زەینـیش هـەڵگری ئـەم لایەنـە ئانارشیکەن. یاسـای بـەهاکان هـەر چـەن بەسـەر سـواڵکەر، قوماربـاز، رەپەکانـدا زاڵـە، بـەڵام لـە کۆمەڵگـەی بۆرژوازیـدا رێگەگـەلێ بـۆ دەربازبوون هەیە کە ئەوان دەتـوانن لـەوێوە لەدەرەوەی ئەو یاسایانەوە بن. هـەر بۆیـە سـواڵکەرەکان دیاردەیـەکن لـەدەرەوەی یاسـای بـەهاکان. ئـەوان هەڕەشـەن بـۆ جیهانی بەهاکان.



لەروانگەی بنیامینەوە شار وەك دەقێك وایە. لەم دەقەدا سـەرەتاو کۆتاییـەك بـەدی نـاکرێ. تـاك دەکـرێ بکەوێتـەوە هـەر شوێنێکی ئەم دەقەوە. دەکرێ تـاك لـە نـاو دەقدا ون بـێ، وەك ئـەوەی لەشار ئەگەری ون بوون هەیە. شار دنیای خەیاڵاتەو کەوایـە لەم خەیاڵاتانەدا تاك دەکەوێتە ناو دەقـەوە. ئـەم لایەنـە بـۆ قوماربازەکـانیش راسـتە. قومارباژەکانیش هەڕەشەن بۆ یاسای بـەها، هەر بۆیـە دەبینـدرێ کـە جیهـانی بـۆرژوازی سەرەڕای فرە چەشنییەکانی هـەر بـە پێـی یاسـای بـەها کـار دەکـات. کەوایـە لەگـەڵ دیاردەگەلێکدا بـەرەوڕوو نـابین کـە جیهـانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی ببەنە ژێـر پرسـیارەوە. (کەوایـــە دیاردەگـــەلێکی وەکـــوو: قومارباژەکـانو رەپـەکان)، لـە راسـتیدا پـەراوێز نـشینەکانی کۆمەڵگـەی بـۆرژوازینو لەشەڕ لەگەڵیدا دەترسن.

ناوێکیان لێ نابرێ. بۆ بـۆرژوازی بنیـات نـەرانی مێـژوو، ئـەو کەسـانەن کـە خـاوەنی نـاوو پلـەن، بـەڵام مێـژوو لـە بۆرژوازیـدا، مێژووی لـەبیر کراوەکانیـشەو لـەم دونیایـەدا لـەبیرکراوەکان دەوری سـەرەکی نـاگێڕن. سـەرنجی برێـشت لـەم بـارەوە کـە بـەناکان (بیناسازەکان) لـە کۆتـایی کـار چییان پـێ هـات؟ لەگـەڵ بۆچـوونەکانی بنیامینـدا دێتەوە. ئەوەی هەیە ونبـوونی روخسارێکی مێژووییە لە کرێکاران. لەم رووەوە رزگـاریو ئازادی لەمێژوودا لە راستیدا هـەمان رزگـاری بەرهـەم هێنـەرانو کرێکارانـە. رزگـاری بـە مانـای نـاو و پلـە نییـە، بـەڵکوو گەیـشتن بـەدۆخی رزگاربوونـە لـە (بێخۆنمـابی بـوون) کە ناو و پلەو پایە تێیدا کەمڕەنگە. لێـرەوە دەگـەین بـە مانایـەکی نـوێ لەسـتەم. لەراسـتیدا نـامۆیی یان بێخۆنمـاییو بەشـت بوون دەبێ بـەهۆی چەسـپانو پتـەو بـوونی ستەم. بۆ رووخاندنی جیهـانی بـە شـت بـوو رەخنـەی ئـەم بەشـت بوونـە گەرچـی پێویـستە، بـەڵام تەواوکـەر نییـە. لەماڵتریالیـسمی مێژوویـدا جـۆرێ جـەژنو خۆشحاڵی لە بەرامبەر زاڵ بوون بـە سـەر بـە شت بووندا دێتە گۆڕێ. جـەژنو خۆشـحاڵی نیـشاندەری جیهـانی سـەرکەوتە بەسـەر بێخۆنمـایی بـوونی مێـژووی، کەوایـە جـەژن خالّی بەرامبـەری بەشـت بـوونی مێژووییـە. لەراسـتییدا لـە جەژندایە کـە بەشـت بـوونی مێژووییە کە لایەنی بنەڕەتی خۆی لەدەسـت دەدا. هاوتەریب لەگەڵ ئـەم روانگـە، یاسـای ئەرزشی (کرێکاران) لایەنێکی تـازە دەگرێتـە خۆ.

لێرەدا دەکرێ هـەڵنجانێکی نوێمـان لـە تیۆرییەکانی فرۆید ببێ. مووسیقا لایـەنێکی مازۆخیـستی تێدایـەو حەشـیمەتی بیـسەر بەشـێوەیەکی عـاتفی پێوەنـدییان لەگـەڵ ئۆرکێـسترەکەدا هەیـە. لـەدیاردەی جوانیناسـی دا، لایـەنی مازۆرخیـستی بایەخێکی زۆری هەیە. لەهەرێمی تایبەتیشدا دڵ بەستن بە شتەکان جۆری مازۆخیستی تێدایە. لەراستییدا لـە هـەرێمی تایبەتییدایـە کە شتەکان لایـەنێکی مازۆخیستییەوە خـۆ دەگرنو تـاك بـەخوو بەسـتن بـەوان گەشـە دەکات. بنیامێن لە " چەن تێزێك دەربارەی فەلفەسەی مێژوو" باس لەوە دەکات کـە لـە جیهـانی مێژووییـدا تـاك لـە ژێـر کاریگـەری مێژوودایەو لەراستییدا ئەمە جیهانی مێـژووە بەسـەریدا زاڵـە. بەرهەمهێنـەری هونـەریش هـەڵگری لایـەنێکی مازۆخیـستییەو ئـەم مازۆخیستەیە بـە سـەریدا زاڵـە. رەخنـەی مێـژوویی هـەمان رزگـاری تاکـە لـەجیهانی "سـادۆ– مازۆخیـستی". لەرەخنـەی مێژوویدا تاك بـە سـنوورەکانی ئـازادی نزیـك دەبێتەوە. بەرهەم هێنەرانی هونەر لەچاخی بەرهەم هێنانی ماشیندا روو دەکەنە جیهـانی ماشینی. لەچاخی بەرهـەمهێنانی ماشـینیدا ئەگەری لەناوچوونی مازۆخیست دێتە گۆڕێ کـە وایـە بەرهـەمهێنی ماشـینی جـۆرێ رزگاریيـە بـۆ هونـەر. هونـەر لەچـاخی کلاسیکی بۆرژوازیدا، هەڵگری لایەنێکە کە پێی دەوترێ( Aura ) یان کـەشو هـەوا. لایـەنی خـەیاڵی هونـەر لێـرەدا بایـەخ پەیـدادەکاتو هونەرمەنـد لـەژێر کـەشو هەوای هونەریدا. هونەر لێرەدا ناتوانێ خۆی لەو مژە رزگار بکات کە دەوری داوە. لایـەنی هونـەر تـاك تووشـی نـامۆییو بەشـت بـوون دەکـات. جیهـانی هونـەر لەراسـتیدا هـەمان جیهـانی کـەشو هـەوای هونەرییـە کـە تـاك دەخاتـە ژێـر کاریگـەری خۆیـەوە. لێـرەدا کەشو هەوای هونەری تـاك بـەرەولای خـۆی رادەکێشێو ئەم راکێشانەش بەڕادەیەکە کە تـاك کەمـەن کێـشی خـۆی دەکـات. بەواتایـەکی تـر، هونـەرو راکێـشان لێـرەدا کۆمـەڵێکی یـەکگرتوو پێـك دێـننو سـەرنج راکێش بوونی هونەر شتی هونـەری دەخاتـە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی. شـتی هونـەری تـاك دەکا بە بە کۆیلـەی خۆیو ئـەم بـە کۆیلـە بوونـە بـەهۆی هـەمان ئـەو "مـژە" هونەرییەوەیە کە بەسەر تاکدا زاڵـە. ئـەرکی " بەرهەمهێنـــەر"ی بەرهـــەمی هونـــەری، رزگارکردنی بەرهەمی هونـەری لەدەسـەڵاتی ئەو کـەشو هەوایـە. تـەنیا لەرێگـەی بـوونی بەرهـەمی ماشـینییەوەیە کـە بەرهـەمی هونـەری دەتـوانێ لەمـژی هونـەری دووربکەوێتەوە.

# کۆڕێك بۆ بەرزراگرتنی یادی زانایەکی بەڕەگەز کورد لە ئیرلەند

وەرگێڕانی: خاڵەی جوتیار

ڕۆژی 19ی گەلاوێژی ئەمساڵ لـە کۆلیژی ئەدەبی سەر بە زانکۆی دوبلینی ئیرلەنـد مەڕاسـیمێك بەڕێوەچـوو بـۆ بەرزراگرتنی یادی رەخنەوانی ئەدەبی، زماننـاسو میتۆلۆگیـستی ناسـراوی بەڕەگـەز کـوردی رۆژهـەڵاتی، خـاتوو ڕوونـاك یاسـین. لـەو بۆنەیـەدا کورتـە فیلمێـك پێـشکەشکراو چـەند ئۆستوورەناسێکیش، لەوانـە پرۆفیـسۆر ئابراهـەم کینگـوو نینـا برایـژ، کـە مامۆسـتان لـە زانکۆی دوبلـین، وتـەیان پێـشکەش کـردو چـەند کۆپلـە شـیعری شـاعیرانی ئێرانـی سـەید عـەلی ساڵحیو سیمین بێهبەهانی پێشکەشکران.

پرۆفیـسۆر کینگـز لـە وتەکەیـدا ئاماژەی بە بەرهەمەکانی ڕووناك یاسـین کـرد، وتـی: "ئێمـە تـا ڕوونـاك یاسـین زینـدوو بـوو، هەسـتمان بـە مەزنایەتیی فکریی و ئەو بیرو ئەندێشانە نەکردبوو کە بەسـەر ئـەدەبی ئـەودا زاڵ بـوون". بەداخـەوە ئـەو نووسـەرو لێکۆڵەوانـە بەڕەگەز کوردە چ لـە نێـو کورداندا و چ لەنێو ئێراندا بە دەگمەن ناسراوە.

ڕوونـاك یاسـین سـاڵی 1920 لـە یەکێك لە ئاواییەکانی دەوربـەری شـاری مەریوان هاتۆتە دنیا. دوابـەداوی کۆچـی ماڵەوەیان بۆ عێراق، خوێندنی خۆی لـە بـواری پـەروەردە لـە زانکـۆی بەغـدا درێژەپێداو دوابـەدوای ئـەوەش بـەرەو بـەیروت کەوتـەڕێ. ڕوونـاك یاسـین لـە ساڵی 1949 دا بۆ خوێندن لـە زانکـۆی ئـەلزەهرای میسر وەرگـیرا. لـە سـاڵی 1953 دا کورسـی مامۆسـتایەتی لـە زانکۆی ئۆپسالای سوید بـە دەسـتهێناو دواتریش لـە زانکـۆی مۆسکۆ وانەبێژی بوارەکـانی کۆمەڵناسـیو مێـژوو بـوو. لەساڵانی 1965 تا 1967، لە وڵاتانی میـسر، سـوریەو چـین خـەریکی لێکۆڵینەوە بـوو لـە بـواری مۆتۆلۆژیدا. ئـەوە بـوو دواتـر چـوو بـۆ زانکـۆی هـارواردی ئـەمریکاو لـەوێ وانـەی میتۆلۆژیی دەوتەوە.

ڕوونـاك یاسـین لـە سـاڵی 1969دا لەگـەڵ سـاموئێل بێکـت، رۆمـاننووسو شانۆنووسی ناسراوی ئیرلەندیو خـاوەن خـەڵاتی نۆبێـل، رێزێـك کۆبوونـەوەی سەبارەت بەرەخنـەی ئـەدەبی لـەبواری شانۆدا گێڕاو لە ساڵی 1972 شدا وەك پـاڵێوراوی خـەڵاتی ئـەدەبیی پـۆلیتزر دیاریکرا. ڕووناك یاسین بۆ مـاوەی سی سـاڵ لـە زانکـۆ ناسـراوەکاندا خـەریکی وتنـەوەی وانـەی زمـانو ئـەدەبی ئینگلیـزی، فەرانـسە، لـتین، رووسـی، زماننناسـیو میتۆلـۆژی بـوو. لـە نێـو بەرهەمەکانی ئەودا دەکرێ ئاماژە بکەین بـە 110 وتـاری ئـەدەبیو لێکۆڵینـەوە سەبارەت بە میتۆلـۆژی، کۆمـەڵێك وتـار سـەبارەت بـە رەخنـەی ئـەدەبی، لێکۆڵینـەوە سـەبارەت بـە مێتـۆو ئۆستوورەکان هەر لە میسرەوە بگرە تا چین، ئـەدەبی چـین، چیرۆکی زارەکی، بیرەوەرییـەکانی رەعیـەتێکی کـوردو کۆمەڵە وتارێکی رەخنەگرانـە سـەبارەت بـە مافیـای دەسـەڵاتو ناشـتنی دیموکراسی.

ئـەم نووسـەرە تاراوگەنـشینیە لـە ساڵی 1972دا واتە هەمان ساڵ کـە بـۆ وەرگرتنی خـەڵاتی پـۆلیتزر پـاڵێورابوو، بۆ یەکەمین جار گەڕایەوە بـۆ باشـووری کوردسـتانو ئـەوەبوو کـە لەلایـەن کاربەدەسـتانی حکومـەتی ئەوساوە بـۆ مـاوەی سـاڵێك لـە زینـدان توندکرا. لـە مـاوەی 78 سـاڵ ژیـان لـە تاراوگـەدا، ڕوونـاك یاسـین دوو جـاریش بـە سـەفەر سەردانی ئێرانی کرد. جارێکیان لە ساڵی 1971دا بـۆ پێـشکەشکردنی وتـە لـە زانکـۆی پەهلـەویی پێـشوو و جـاری دووەمـیش لـە سـاڵی 1987دا لەسـەر بانگهێشتنی ناوەندی ئێراننناسی.

ڕووناك یاسین پاش ژیانێکی پڕبارو لە تەمەنی 82 ساڵیدا، لـە پـاش دەیـان سـاڵ هەوڵـدان بـۆ فێربـوونو فێرکردنـی زمـانو مێـژوویی گـەلانو وڵاتـانی جۆراوجـۆر، دواجـار بەرەبـەیانی ڕۆژی 13ی ئـاوریلی سـاڵی 2002 بـەهۆی سـەکتەی مێـشکەوە لـە نەخۆشـخانەی جـان هـاپکینزی واشـینگتۆن، کۆچـی دوایی کرد.

کۆچی دوایـی ئـەو خانمـە بەڕەگـەز کـوردە تاراوگەنـشینە، خەسـارەتێکی گەورە بـوو بـۆ دنیـای ئـەکادیمیكو ئـەو بوارانـەی ڕوونـاك یاسـین بـە زانیـاریو لێوەشاوەیی خزمەتی پێکردبوون.

*سەرچاوە: ڕۆژنامەی شرق*